# دوینی ڕەحمان غەریب و دەیان ڕۆژنامەنوسی تر، ئەمڕۆش نەبەزگۆران دەکەویتەبەردەم هەرەشەوە!

لەچوارچیوەی بەرزبوونەوەوی دەنگی نارەزایەتی خەلکی کوردستان دژ بە فەساد و گەندەلی و دەست رانەگەیشتنی خەلکی کوردستان بەپیداویستیەیەکانی ژیانی رۆژانەیان، رۆژنامەنوسان و نوسەرانیش ئەو بووارەیان بۆهاتۆتەپیشەوە کەرۆژانە پەردەلەسەر باری دزیوی دەسەلات و کارنامەی پرلەدزی و فەساد و گەندەلیان هەلبدەنەوە. بەلام وەلامی دەسەلاتداران و دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس بەپیچەوانەی ئیدعای هەبوونی ئازادی ورادەربرین لەکوردستان، کەرۆژانە سەرانی دەسەلات بلاوی دەکەنەوە، بەنوسەران و رەخنەگران گرتن و راونان و هەرەشەکردن وتەنانەت ئەشکەنجەدان بووە. لەمبارەوە ولەچەندسالی رابردوودا دەتوانری خەرواریک لەدەستدرییەیەکانی دەسەلات بخریتەبەرچاو، بەلام نزیکترین نمونەکانی ئەم سەرکوتگەری دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، هەرەشەکانی بەرزانی ئەحمەد کوردە بۆ بۆسەر رەحمان غەریب بەهۆی ئەوەوە کە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پەردەی لەسەر دزی وخاوەنداریتی زەوی ئەم بەرپرسەی یەکیتی نیشتمانی هەلداوەتەوە. چەند رۆژیکی تریش لەمەوبەر رۆژنامەنوس رزگار کۆچەر بەهەمان شیوە لەشاری هەولیر لەلایەن یەکیك لەبەرپرسیارانی پارتیەوە هەرەشەی کوشتنی لیکرا. سەرەنجامیش لە رۆژی 4/3دا نەبەزگۆران لەنیوەندیشاری هەولیرەوە دەفرینریت و دوای ئەشکەنجەو لیدانیکی زۆر فرێ ی دەدرێتە سەر یەکیك لەشەقامەکانی شارەوە. ئاشکرایە هەموو ئەم تاوانانە بەشیکن لەکارنامەی سەرکوتگەری وپیشیلکردنی ئازادی بیروڕادەربرین لەکوردستان. ئیمە ویرای محکومکردنی ئەم کردەوانە، راستەوخۆ دەسەلاتداران بەبەرپرس دەزانین ولیپرسراویاندەکەین لەبەرامبەر پاراستنی گیانی ومالی رۆژنامەنوسان و هەرهاولاتیەیەکیتردا. هاوکات دواکارین کە هەموو خەلکی هوشیارو نارازی کوردستان بۆدیفاع لەئازادی سیاسی و بیروڕادەربرین وەك یەك ریزی یەکگرتوو راوەستن و دەسەلاتداران واداربکەن کەمل بدەن بەئازادیەیەکانی خەلك وریز لەئازادی رەخنەگران و رۆژنامەنوسان بگرن.

بلاوکراوەی ئۆکۆتبەر